حکوومەتی هەرێمی کوردستان_عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سۆران

فاکەڵتیی ئاداب

بەشی زمانی کوردی

# وێنەی شیعری لە (دڵارام)ی (ئاری یاران)دا

لێکۆڵینەوەیەکە پێشکەشی زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب_بەشی زمانی کوردی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی

لەلایەن:

هاوژین عبدالرحمان فتاح

بەسەرپەرشتی:

م. هەندرێن

٢٧٢٤ کوردی ٢٠٢٤ زاینی ١٤٤٥ کۆچی

وەفا و پەیمانە سەرجەم پیتی ناوت

شەو و ڕۆژان لەسەر دوو لێو و زارن

لە بیرت قەت نەچێ ئەی یاری "یاران"

کە تۆ نازهەڵگرت یەک نی، هەزارن!

یاران

# پوختە

بەو پێیەی دەقی شیعری لەسەر سێ بنەمای سەرەکی بونیاد دەنرێت: (مۆسیقای شیعری و زمانی شیعری و وێنەی شیعری). لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە ڕێگای دەستنیشانکردنی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی (یاران) دا. لایەنێکی توانا و داهێنانی شاعیر دەخرێتە ڕوو.

بە پەیڕەوکردنی میتۆدی وەسفی و شیکاری، لە دوو ڕووەوە لە وێنە شیعرییەکان دەکۆڵینەوە، یەکەمیان سروشت و پێکهاتەی وێنەکان و دووەمیشیان دیاریکردنی ئەو سەرچاوانەی شاعیر سوودی لێوەرگرتوون لە پێکهێنانی وێنەکاندا.

دیارترین ئەو ئەنجامەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدەستهاتووە، سەرکەوتوویی ئەزموونی شاعیرە لە هەردوو ڕووەکەی وێنەی شیعری، چ لە ڕووی جۆراوجۆری پێکهاتەی وێنەکان و چ لە ڕووی فرە سەرچاوەیی وێنەکانەوە.

# بڕیاری سەرپەرشتیار

پشتگیری ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی " وێنەی شیعری لە (دڵارام)ی (ئاریی یاران)دا " دەکەم کە لەژێر چاودێریی من لە بەشی زمانی کوردی/ فاکەڵتیی ئاداب/ زانکۆی سۆران ئامادەکراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

پشتڕاستی دەکەمەوە کە هەموو پێداویستییەکانی توێژینەوەی دەرچوون جێبەجێکراون.

واژوو:

سەرپەرشت: م. هەندرێن

ڕێکەوتی:     /     /٢٠٢٤

پشتڕاستی دەکەمەوە کە هەموو پێداویستییەکانی توێژینەوەی دەرچوون جێبەجێکراون، هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەیە، دەینێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو   :

ناو:

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی/ فاکەڵتیی ئاداب

ڕێکەوت:     /     /٢٠٢٤

# بڕیاری لیژنەی هەڵسەنگاندن

ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن دوای خوێندنەوەی توێژینەوەکە و گفتوگۆکردن لەگەڵ قوتابییەکە لەبارەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، بڕیارماندا ئەم توێژینەوەیە بە پلەی (      ) وەربگیرێت.

ناو/

ڕێکەوتی /   /   / ٢٠٢٤

ناو/

ڕێکەوتی /   /   / ٢٠٢٤

# پێشکەشە بە

ئەم هەوڵەم پێشکەش دەکەم بە:

- دایک و باوکی خۆشەویستم و خوشک و برا ئازیزەکانم.
- شەیدایانی زمانی شیرینی کوردی و هەموو ئەوانەی خزمەتی ئەدەبی کوردی دەکەن.
- کتێبخانەی زانکۆی سۆران، بەشی زمانی کوردی.
- مامۆستا (هەندرێن)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمی لە ئەستۆ گرت.

## سوپاس و پێزانین


- سوپاس بۆ پاڵپشتی دایک و باوکی ئەزیزم دەکەم، کە منیان بەم ئاستە گەیاند
- سوپاس بۆ گشت مامۆستایانم، کە لە سەرەتاییەوە منیان پێگەیاند و وانەیان پێ وتووم.
- سوپاس بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارم (م.هەندرێن) کە ئەرکی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ.

## پێڕست


| ناوەڕۆک | ژ.لاپەرە |
| --- | --- |
| **پوختە** | iii |
| بڕیاری سەرپەرشتیار | iv |
| بڕیاری لێژنەی هەڵسەنگاندن | v |
| پێشکەشە بە | vi |
| سوپاس و پێزانین | vii |
| **بەشی یەکەم** | ١-٥ |
| بەرایی توێژینەوە | ١ |
| تەوەرەی یەکەم | ٢ |
| پێشەکی | ٢ |
| ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| سنووری لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| بەربەستەکانی لێکۆڵینەوە | ٣ |
| ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ٤ |
| ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | ٤ |
| گرینگی لێکۆڵینەوە | ٤ |
| ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە | ٤ |
| **بەشی دووەم** | ٦-٢٠ |
| وێنەی شیعری | ٦ |
| تەوەرەی یەکەم | ٧ |
| چەمک و پێناسەی وێنەی شیعری | ٧ |
| تەوەرەی دووەم | ١٢ |
| پەیوەندی وێنەی شیعری بە زمانی شیعرییەوە | ١٢ |
| تەوەرەی سێیەم | ١٥ |
| ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری | ١٥ |
| ١. زمان | ١٦ |
| ٢. ئەندێشە | ١٧ |
| ٣. سۆز | ١٨ |
| ٤. واقیع | ١٩ |
| **بەشی سێیەم** | ٢٠-٤١ |

| | |
|---|---|
| ٢٠ | وێنە لە شیعری (ئاری یاران) |
| ٢١ | تەوەرەی یەکەم |
| ٢١ | کورتەیەک دەربارەی ژیانی (ئاری یاران): |
| ٢٣ | تەوەرەی دووەم |
| ٢٣ | سەرچاوەی وێنەی شیعری لای (ئاری یاران): |
| ٢٣ | ١. سەرچاوەی خودی |
| ٢٦ | ٢. سەرچاوەی ئاینی |
| ٢٧ | ٣. سەرچاوەی داستان |
| ٣٠ | تەوەرەی سێیەم |
| ٣٠ | جۆرەکانی وێنەی شیعری لای(ئاری یاران) |
| ٣٠ | ١. وێنەی تاک |
| ٣٠ | بەکەس کردن |
| ٣١ | بەرجەستەکردن |
| ٣٣ | بەتەنکردن |
| ٣٤ | ٢. وێنەی شیعری لە ڕووی هەستی و واتاییەوە |
| ٣٥ | وێنەی هەستی |
| ٣٥ | هەستی بینین |
| ٣٦ | هەستی بیستن |
| ٣٨ | هەستی بۆنکردن |
| ٣٩ | هەستی بەرکەوتن |
| ٤٠ | هەستی چەشتن |
| ٤٢ | **دەرئەنجام** |
| ٤٤ | **لیستی سەرچاوەکان** |

# بەشی یەکەم

# بەرایی توێژینەوە

### تەوەرەی یەکەم:

### پێشەکی:

وێنە رەگەزێکی گرنگە لە شیعر بە تایبەتی و وێنەی شیعریش یەکێکە لەو لایەنە دیار و گرنگانەی ناو جیهانی ئەدەبی، کە پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە و بەردەوام لە گەشەسەندن دایە و پێگەیەکی گرنگی هەیە لەلای ڕەخنەگران و لێکۆڵەران، چونکە هەموو شیعرێک بۆ خۆی وێنەیەکە یان لە چەند وێنەیەک پێکهاتووە، بۆیە ناکرێت شاعیر ئەم ڕەگەزە گرنگەی شیعر فەرامۆش بکات. دەتوانێت لە ڕێگەی وێنەوە بیروبۆچوونەکانی خۆی بە شێوازێکی جوانتر بە وەرگری دەقەکە بگەیەنێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە وێنەی شیعری بە زیندووترین و چالاکترین ڕەگەزی شیعری دابنرێت، چونکە ڕۆڵی هەیە لە بونیادنانی گشتی شیعردا.

شاعیران لە ڕێگەی ئەندێشەیانەوە و بەهۆی دەربڕاوەکانیانەوە بەشێکی گرنگی دەروونی خۆیانیان بۆ ئاشکرا کردووین، کە وای لێهات وێنەکان بوون بە ڕەمزێک بۆ ئاشکردنی دنیا پەنهان و پڕ لە نهێنییەکەی ناوەوەی شاعیر، یان لە ڕێگەی وێنەکانەوە توانرا کەلەپووری میللی زیندوو بکرێتەوە و ئاوڕ لە مێژوو و سروشت و گەلێک لایەنی تری ژیان بدرێتەوە. هەموو ئەمانەش لە ڕێگای وێنەی شیعری و لەلایەن شاعیرەوە وێنادەکرێت، وە بێگومان لەوەشدا بوونی دەسەڵاتی شاعیر بەسەر وشەدا و دەوڵەمەندیی فەرهەنگی وشەکانی و شارەزایی لە بەکارهێنانی زماندا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن. خولّقاندنی وێنە لای شاعیر شتێکی لەخۆوە نییە و پێویستی بە دروستکردنی هاوسەنگی هەیە لەنێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی وێنەدا. ئەم بایەخەی وێنەش دواجار وادەکات، کە وێنە تەنها بۆ مەبەستی جوانکردن نەبێت، بەڵکوو گەلێ لایەنی تر جێبەجێ بکات و ببێتە هۆی بنەمای ئێستاتیکی دەقی شیعری و پاراستنی شیعرییەتی دەق.

## ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (وێنەی شیعری لە دیوانی ئاری یاراندا) تێیدا هەوڵدراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، کە ئایا وێنەی شیعری و جۆرەکانی وێنەی شیعری و سەرچاوەکانی دروستبوونیان لە شیعری (ئاری یاران)دا چۆن بووە؟ وە لایەنە تیۆرییەکەیمان خستووەتە خزمەتی لایەنی پراکتیکی و دەرهێنان و شیکارکردنی وێنەوە لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە:

بەپێویستمان زانی ئەم بابەتەمان هەڵبژارد تاوەکو لە بابەتی وێنەی شیعری و شیعر بدەین، وە بەتایبەت شیعری شاعیر (ئاری یاران) لێکۆڵینەوەیەکی سوودبەخش بێت بۆ خۆمان وە شارەزاییەکی باشمان هەبێت، هەروەها ویستمان زیاتر لە وێنەی شیعر بدوێین، چونکە وێنەی شیعری ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە داهێنانی شیعردا.

## سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکەمان، شیعرەکانی یەکێک لە شاعیرە گەنجە تازە پێگەیشتووەکان، کە شیعرەکانی کلاسیکین ئەویش (ئاری یاران). دیوانەکەی بەناوی (دڵارام) چاپکراوی (کۆمەڵگای فەرهەنگیی ئەحمەدێ خانی)ساڵی چاپ (٢٠٢٢) (چاپی یەکەم) کە ئێمە دیوانەکەیمان  کردووە بە سەرچاوەی سەرەکی و بنەڕەتی دەرهێنانی شیعرەکانی ئاری.

## بەربەستەکانی لێکۆڵینەوەکە:

دیارە هیچ لێکۆڵینەوەیەک بێ گیروگرفت نابێت، ئەم لێکۆڵینەوەیەش وەکو هەر لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی ئەکادیمی لە دوای هەڵبژاردنی ناونیشان و داڕشتنی پلانی لێکۆڵینەوەکمان ڕووبەڕووی چەندین گیروگرفت بووینەوە وەک کەمی سەرچاوە بەتایبەت لەبارەی وێنەی شیعرییەوە. هەروەها بەهۆی نەزانین و لاوازیمان لە زمانی بیانی، نەمانتوانی وەک پێویست سوود لە سەرچاوەی زمانەکانی تر وەربگرین.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم  لێکۆڵینەوەدا هەوڵمانداوە سوود لە میتۆدەکانی (وەسفی و شیکاری) وەربگرین و پرەنسیپ و بنەماکانی ئەم میتۆدانە بکەینە بنەما لە وەسفی لایەنە تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوەکە و هەڵهێنجان و شیکردنەوەی لایەنە پراکتیکییەکەی لێکۆڵینەوەکە و دەستنیشانکردنێکی وردی جۆر و شێواز و سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لە هەناوی شیعری شاعیرەوە.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ناساندنی وێنەی شیعری و دەستنیشانکردنی پێگە و ڕۆڵی لە ڕەخنەی بیانی و بەرچاوخستنی گرنگترین ئەرک و ڕەگەزەکانی و دیاریکردنی بایەخی گەورەی وێنە لە شیعردا و دواجاریش دەرهێنانی جۆرەکانی دروستبوونی لە شیعری (ئاری یاران)دا، ئەمەش بەو ئامانجەی ببێتە هۆی پڕکردنەوەی کەلێنێکی بچووک لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردییدا.

## گرینگی لێکۆڵینەوە:

گرینگی و هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە، لە (یاراندا) توانا و بەهرەیەکی خۆڕسک و هەوڵ و گەشەیەکی ڕسکاوی دەبینم. جار جاریش پەرێزی نالی و هێمن و هێدی ڕوسە دەکاتەوە و خەرمانە ئەدەبیەخشەکەیان شەن و کەو دەکات و  سۆرە شیعرێکی چەژداریان لێ بەرهەم دەهێنێت.

## ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە  دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا چەمک و پێناسەی وێنەی شیعریمان شیکردۆتەوە و ناساندووە. لە تەوەرەی دووەمدا باسمان لە پەیوەندیی نێوان

وێنەی شیعری بە زمانی شیعرییەوە کردووە. لە تەوەرەی سێیەمدا باسمان لە ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری کردووە.

بەشی دووەمیش لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم باسمان لە کورتەیەک ژیانی شاعیر کردووە، تەوەرەی دووەم سەرچاوەی وێنەی شیعری، تەوەرەی سێیەم جۆرەکانی وێنەی شیعری لای(ئاری یاران).

# بەشی دووەم

# وێنەی شیعری

## تەوەرەی یەکەم:

## چەمک و پێناسەی وێنەی شیعری:

وێنەی شیعری هەر لە کۆنەوە لەگەڵ شیعردا هاتووە و پەیوەستبوون بەیەکەوە. وێنە یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی شیعر، هەموو شیعرێک جۆرە وێنەیەک لە ئامێزی خۆی دەگرێت و لە ڕێی وێنەوە ڕۆدەچینە ناو ناخی دەقە شیعرییەکەوە، بەمەش لە سیحر و جوانی شیعرەکە دەگەین و بابەتەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، یاخود دیمەنێکمان بۆ بەرجەستە دەکات[١].

وێنە لە شیعردا وەک دڵە لە لەشی مرۆڤ. وێنەی شیعری بە یەکێک لە گرینگترین ڕەگەزەکانی ئەدەبی هاوچەرخی ئەمڕۆمان دادەنرێت. هەروەها یەکێکە لە دیارترین باسە ڕەخنەییەکان لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، هۆکارێکە بۆ دەربڕینی هەموو ئەو هەست و سۆز و خەیاڵانەی کە لە ناخی شاعیردا پەنگی خواردۆتەوە لە چوارچێوەی دەقێکی شیعریدا بەرجەستەی دەکات. زاراوەی وێنە لە ڕەخنەی ئەوروپیدا(image)ی پێدەوترێت، کە وشەیەکی ئینگلیزییە، وە وشەی ئینگلیزی(imagination) لە وشەی(imagination) ی لاتینی وەرگیراوە و بەرامبەری لە یۆنانیدا (pnantasia)یە و ڕاستەوخۆ وشەی ئینگلیزی(fancy) ی لێ وەرگیراوە. کەواتە وشەی(imagination) بە واتای خەیاڵ دێت، چونکە خەیاڵ ڕەگەزێکی مەزنی شیعرە و لە دروستکردنی وێنەی هونەری بەشدارییەکی فراوان دەکات[٢]. هەروەها پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان خەیاڵ(ئەندێشە) و وێنەدا هەیە، چونکە ئەندێشە وێنە لە شیعردا بەرجەستە دەکات و لە مەودای مەعریفیدا هاوبەشن[٣]. دەبینین لە فارسی دا زاراوەی(صوری خیال)واتا (وێنەی خەیاڵ) بەکاردەهێنرێت. هەروەها

---

[١] هەڵمەت عوسمان کاکل، وێنەی هونەری لە شیعری حەسیب قەرەداغی ل (٥)

[٢] هاوژین سلیوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس ل(١٩)

[٣] عەبدولقادر محمد ئەمین، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٢، ل١٢.

له ئەدەبیاتی عەرەبی دا زاراوەی (صورة شیعریە) (وێنەی شیعری) یان (صورة فنیة) (وێنەی هونەری) بەکاردەهێنرێت. یاخود (الصوره الادبیه) کە وێنەکانی شیعر و پەخشان دەگرێتەوە[٤]. وێنەی شیعری لای زۆربەی ڕەخنەگران و کتێبە ڕەخنەییەکان بە چەند جۆرێک ناوی هاتووە، وەک (وێنەی شیعری، وێنەی ئەدەبی، وێنەی هونەری) ئێمە لێرەدا زاراوەی وێنەی شیعریمان هەڵبژاردووە، لەبەرئەوەی شیعر هونەرێکی زمانییە و وێنەکانی لە زمان پێکهاتوون، ئێمە وێنەی شیعریمان زیاتر لا پەسەندترە، چونکە ئەگەر بڵێین (وێنەی هونەری) ئەوا مەوداکەی فراوانتر دەبێت و هەموو بەشەکانی هونەر و ئەدەب دەگرێتەوە، نەک تەنیا شیعر. ئێمە باس لە وێنەی شیعری دەکەین، بۆیە وا چاکترە زاراوەی وێنەی شیعری بەکاربهێنین[٥]. بە حوکمی ئەوەی شیعر کۆنترین جۆرەکانی ئەدەبە لە ڕووی سەرهەڵدانی مێژووییەوە، بۆیە دەتوانین وێنەی شیعریش بە کۆنترین جۆرەکانی وێنەی ئەدەبی لە ڕووی مێژووی سەرهەڵدانەوە دابنێین. وێنەی شیعری لە سەردەمی کۆندا هەبووە، بەڵام وەک ئێستا بایەخی پێ نەدراوە، لە شیعری نوێدا گرینگییەکی زۆری پێ دەدرێت و لە شیعری (ئازاد)یشدا وێنەی شیعری گرینگییەکی زۆری پێ دەدرێت. شاعیر بە گەلێک شێوە دروستی دەکات تا دەقە شیعرییەکەی ببێتە دەقێکی بەپێز و سەرنجڕاکێش لە لای خوێنەر. وێنەی شیعری وەک ئامرازێکی ڕەخنەیی و پێوەرێکی گرینگ بەکاردێت، کە ڕێگە بە ڕەخنەگر دەدات بە ناخی دەقدا تێپەڕ بکات و نهێنییەکانی جیهانی دەق بەدی بکات[٦].

وێنە پایەیەکی گرینگی شیعرە و شاعیری داهێنەر هەمیشە بەدوای وێنەی نوێ و جوان و ڕازاوە دەگەڕێت، ڕەخنەگریش تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای وێنە لێکدانەوە بۆ شیعر دەکات و ڕووی ئافراندن و داهێنانی دەخاتە ڕوو، لایەنی کەموکوڕی و باشییەکانی

[٤] هاوژین سلیوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس، ل١٩.
[٥] هۆگر جمعە حمە کریم، وێنە لە تاقیکردنەوەی شیعری عەبدوڵا پەشێودا، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧، ل١٩.
[٦] عبدولقادر محمد ئەمین، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمی کوردیدا، ل١٢.

دەستنیشان دەکات. وێنە لە شیعردا ئاوێنەیەکە خەون و خۆزگەکانی شاعیرمان بۆ ئاشکرا دەکات، لەو ڕێگەیەوە دەتوانین بە ناخی شاعیردا بچینە خوارەوە، ساتە خۆشی و ناخۆشییەکانی دیاری بکەین. لەبەر ئەم گرینگییەی لە شیعردا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینە ڕوو:

– ئەزرا پاوەند، لەبارەی دروستبوون و گرینگی وێنەی شیعرییەوە دەڵێت: وێنە تێکەڵبوونی ئەقڵ و سۆزە لە چرکەیەک لە چرکەکانی ژیان[٧].

– سی دی لویس، لەبارەی وێنەی شیعریەوە وتوویەتی: وێنەی شیعری لە سادەترین واتایدا وێنە بە وشە و وەسف و خوازە و لێکچوون وێنە دروست دەکەن یان دەتوانرێ، بە دەربڕینێک یان ڕستەیەکی ئارایشتکراو ئاراستە بکرێ، یان گشت وێنەیەک دەتوانرێ تا ڕادەیەکی باش، بە وشە ستایش بکرێت[٨].

ئێمەش وای بۆ دەچین، کە وێنە بریتییە لە (درکاندنی وشەکان)، چ هەستی بن یان واتایی ڕووت لە هەردوو دۆخەکەدا، کە چەند وێنەیەک پێکدێت لە ئەنجامی یەکگرتنی وشە و واژەکان. هەروەها وێنەی شیعری هۆکارێکی گرنگە بۆ گواستنەوەی ئەزموونی شیعر، هەر بۆیە (محمد غنیمی هلال) دڵنیایە لەوەی کە وێنە خۆی بە شێکە لە ئەزموون و پێویستە هاوکات بێ لەگەڵ بەشەکانی تری وێنەدا، تا ئەزموونەکە بە شێوەیەکی هونەری ڕاستەقینە بگوازێتەوە[٩]. پێویستە وێنەکان لە ئەزموونەکەدا بە گشتی یەکگرتوو و بەیەکدا چووبن، لەگەڵە هەست و بیری ئەزموونەکەدا یەک بگرنەوە و جیهانبینیی دەقەکە ئاشکرا بیت.

---

[٧] هۆگر جمعە حمەکریم، وێنە لە تاقیکردنەوەی شیعری عەبدوڵا پەشێودا، ل١٠.
[٨] ئاسۆ عومەر مسەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالح و گۆران، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٩، ل١٣٨
[٩] عەبدلقادر محمەد ئەمین، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمی کوردیدا، ل١٢.

- درایدن، جەخت لەسەر گرینگی وێنەی شیعری دەکاتەوە بە ژیانی شیعری ناوزەند دەکات و دەڵێت، وێنە لەخودی خۆیدا بەرزی و بڵندی و ژیانی قەسیدەیە[١٠].

- رۆبرت ئەندۆز، بڕوای وایە وێنەی شیعری نەک هەر ڕەگەزێکی گرینگ و سەرەکیی شیعرە، بەڵکوو بە جەوهەر و گیان و لاشەی شیعری دادەنێت و دەڵێت: ڕاست نییە، کە وێنە کۆڵەکەیەکی شیعرە، بەڵکوو جەوهەر و گیان و لاشەی شیعرە[١١]. هەر بۆیە وێنەی شیعری ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاوی هەیە، هەر نووسەرێکیش بە پێی دید و بۆچوون و تێڕوانینی خۆی لەسەر وێنەی شیعری دەدوێت، هەروەها بە پێی ئاستی خوێندنەوە و ڕۆشنبیریی خوێنەری شیعرەکە وێنایی ئەو وێنانەی، کە شاعیر لە شیعرەکەدا بەرجەستەی کردووە دەگۆڕێت.

- فان، لە پێناسەیەکی وێنەی شیعریدا دەڵێت: وێنە قسەیەکی بارگەکراوی بەهێزە، لە چەند ڕەگەزێکی هەستپێکراو پێکدێت (هێڵ، ڕەنگ، جوڵە، سێبەر) بیرۆکەیەک یان سۆزێکی هەڵگرتووە، کە ئیحای زیاتر لە واتایەک دەدات، کە ڕەنگدانەوەی واقیعی دەرەکی زیاترە، لە هەمووشیان گشتەیەکی گونجاو پێکدێت[١٢].

واتا شاعیر لە ڕێگەی دروستبوونی تابلۆیەک بە وشە و وشەکانیش هێمای وێنەکان دەدەن. هەروەها (دلشاد عەلی)یش دەربارەی وێنەی شیعری، ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕیوە و دەڵێت "وێنەی شیعری زمانی ئەندێشەیە و هەموو ئەو دیاردە هەستپێکراوە و هەستە دەروونی و بۆچوونە ئەندێشەییە بەرجەستەکراوانە دەگرێتەوە، کە بە هۆی زمانەوە بۆ خوێنەر و

---

[١٠] ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شیخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، ل١٣٨.

[١١] هەمان سەرچاوە ١٢٨.

[١٢] بێستوون عادل عەلی، وێنەی هەستی لە شیعرەکانی شێخ مارف بەرزەنجی دا، مجلة كلية القلم، كركوك، ل١٨٩.

گوێگر ئەنجام دەدرێن"[13]. هەر بۆیە وێنەی شیعری ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاوی هەیە و هەندێ جار سەرتاپای شیعر دەگریتەوە و دەبێتە تاکە ڕێگەی ئەفراندن لە شیعردا. وێنە ئەو شێوەیەیە لە شیعردا، کە سۆزی شاعیر تێیدا دەتوێتەوە و بەرجەستەی بیروڕاکانی دەکات و بەشداری سۆزی چێژوەرگری شیعر دەکات و دەستنیشانی ئەو شتەش دەکات، کە دەیەوێت بیگەینێ، هەروەها وێنەی شیعری وەکو ڕەگەزێکی چالاکی شیعر دیوێکی هەڵگری باری دەروونی شاعیرە، بەتایبەت لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چونکە ئەو هەموو وێنە ڕەوانبێژییە سەرسوڕهێنەرانەی مەحاڵە تەنها خەیاڵێکی ڕووت بێت، بێگومان بارگاوییە بە هەست و دەروونی شاعیر، چونکە شیعر توانایەکی زۆری هەیە بۆ گرتنە خۆی جووڵە و دەنگ و ڕەنگ لە ڕێگەی ئەوەوە کارایی و چالاکی خۆی بەدەستدەهێنێت لە ناو قەسیدەدا، بۆیە وێنەی شیعری لای شاعیر وەک ئامرازێکی گوزارشتکردنی ویژدانی یان دەروونی بەکاردێت[14]. وێنەی شیعری بەشێکە لە ئیستاتیکای دەق و واقیع وادەکات هەر سەردەمێک کۆمەڵێک وێنەی تازە بێتە ئاراوە و هەڵگری مانا و مەبەستێکی نوێ بێت.

---

[13] بێستوون عادل عەلی، وێنەی هەستی لە شیعرەکانی شێخ مارف بەرزنجی دا، ل١٩٠.
[14] هاوژین سلیوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس، ل٣٧.

**تەوەرەی دووەم:**

## پەیوەندی وێنەی شیعری بە زمانی شیعرییەوە:

پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان وێنەی شیعری و زمانی شیعریدا هەیە، چونکە وێنە لە زمان دانابڕێت. هەروەها هەموو ڕەگەزەکانی تری وێنە بەهۆی زمانەوە دەردەبڕێت، هەر بۆیە زۆربەی ئەو دەقانەی وێنەیان تێدا نییە، دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی زمانی شیعری[١٥].

هەروەها زمان کۆڵەکەی بونیادنانی ئەدەبیاتە، بێ زمان هیچ دەقێک نایەتە ئاراوە، چونکە پێشکەوتنی ئەدەبیاتی هەر میللەتێک بە پێشکەوتنی زمانەکەیەوە بەندە. زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە دەقی شیعریدا دەبینێت، چونکە وێنەکان چ وێنەی سروشتی یان دیاردەکانی دەوروبەربن یان چەمک و واتای ژیری بگەیەنن هەر دەبێت بەهۆی زمانەوە بێت. هەروەها شیعر هونەرێکی زمانییە و وێنەکانی لە زمان پێکدێن، زمانیش کۆمەڵێک پەیوەندییە، کاریگەریی زمان لەسەر وێنەکان دەگەڕێتەوە بۆ زمانی شیعری دەقەکە.

لە دۆخێکدا دەقی شیعری بە پێی وێنە مایەوە و توانای پێکهێنانی وێنەی لەدەستدابوو، ئەوا دەقەکە دەگەڕێتەوە پەخشان. واتا بە نەمانی زمانی شیعری دەقەکە دەگەڕێتەوە بۆ پەخشان، ئەمەش گرینگی و پەیوەندیی وێنە و زمانی شیعریمان بۆ دەردەخات، کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە. شاعیر لە بونیادنانی وێنەی هونەری دا ئەو زمانە بەکاردێنێ، کە زمانێکی پوختەکراوە و جیایە لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانە، زمانێک لە ڕووی تێگەیشتنەوە پانتایەکی فراوان داگیردەکات و خۆی دوور دەخاتەوە لە زمانی ناوچەیی تەسک، کە تێگەیشتنەکەی بە ژمارەیەکی دیاریکراوەوە بەستراوەتەوە، بەڵکوو بە زمانێکی بەپێزی بەپیتی دەوڵەمەند بەکاردێنێ ئەوساش ڕووخسارێکی جوان و ناوەڕۆکێکی بەپێز بە وێنەکە

---

[١٥] ئاوات حەسەن والی، چەمکی شانازی لە شیعرەکانی نالیدا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٥، ل١٧٢.

دەبەخشێ. بەو پێیەی زمان دەتوانێ بە پێی کات و سەردەم لە حاڵەتی گۆڕان و گەشەکردن و تازەکردنەوەی خۆی دابێت، هەر بۆیە هەر سەردەمێک دەکرێ کۆمەڵێک وێنەی تازە بێتەئاراوە و هەڵگری مانا و مەبەستێکی نوێ بێت، شاعیر دەگەڕێت بەدوای جوانترین زمانا، کە جیاواز بێت و لە ڕێگەی پانتایی فراوانی خەیاڵ و ئەندێشە دا وێنەی بێ هاوتا لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە بهێنێتە بەرهەم. هەموو سیاقێکی بونیادی شیعری دەگەڕێتەوە بۆ جۆری زمانی وێنە، چونکە وێنە ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە زمانی شیعریدا[١٦]. ئەگەر زمانی شیعری نەبێت بە هیچ شێوەیەک وێنەی شیعری بوونی نابێت. زمانی شیعری پێکهاتەی وێنەیە. هەروەها زمانی شیعری زمانێکی تایبەتە و زیاتریش نهێنییەکەی لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی تر دەگۆڕێت. هەروەها (جان کوهن) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە شیعر لادانە لە پێوەری قانوونی زمانیش وایە، کە هەموو وێنەیەک لادانە و پرەنسیپەکانی زمان دەشکێنێ[١٧]. هەروەها (ابن سینا) لەسەر پەیوەندی شیعر و وێنە دەڵێت: شاعیر وەک وێنەگر وایە هەر ئەوە نییە، کە تەنها وێنەی شتی ماددە بگرێت، بەڵکوو وێنەی شتی واتایش دەگرێت وەک تەمەڵی و تورەیی[١٨]. هەر لەبەر ئەمەشە وێنەی شیعری شتێک نییە بۆ جوانی بێت، بەڵکوو سەرچاوەیەکی گرنگی ئەزموونی شیعر و دیاردەیەکی هونەری زمانی شاعیر و ڕاستیی شیعر دەگەینێت. زمانی شیعری بەوە دەناسرێتەوە، کە زمانێکی هێمادارە و کۆمەڵێک مەرجی هونەریی لەخۆدەگرێت. لە هەمان کاتدا زمانێکی فراوان و خەیاڵ و خاوەنی دەیان گۆشەنیگای جیاوازە. هەروەها شاعیر چەند دەسەڵاتی بەسەر زماندا بشکێت ئەوەندە وێنەی دڵگیر لەنێو وشەکاندا دەنوێنێت.

هەروەها (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر دەڵێت: زمان ناوەندی پێکەوە گونجاندن و کۆکەرەوەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شیعرە، هیچ شیعرێکیش بەبێ بیرکردنەوەی زمان ناتوانێت بوونی

---

[١٦] عەبدولقادر محمد ئەمین، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمی کوردیدا، ٣٥

[١٧] عەبدولقادر حمە ئەمین محەمەد، گۆڤاری شیعرییەت لە دەقە نوێیەکانی شیعری کوردیدا.

[١٨] هاوژین سلیوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس، ل١٢.

سەربەخۆی خۆی دیاری بکات، زمان بیر دەکاتەوە ئەوجا شیعر دەخولقێنێت[19]. وێنەی شیعری بۆ خۆی بەزاندنی سنووری یاساکانی زمانە، ئەو یاسا زمانەوانیانەش لەنێو ڕەوانبیژیدا بەدی دەکرێت، شاعیر دەتوانێت بە هەزارەها وێنە دروست بکات، چونکە زمان پرۆسەیەکی بێ کۆتاییە و هەروەها بە بەردەوامی ئیلهامی نوێ لەدایکدەبێت و وێنەی نوێ دێتە ئاراوە و بە لێکدانی کۆمەڵێ وشە، وێنە دروست دەبێت.

[19] دەریا جەمال حەوێز حەوێزی، ئیستاتیکای زمانی شیعری لە دیوانی مۆسیقایی نامۆیی هاوژین سلێوەدا، .pdf

## تەوەرەی سێیەم:

## ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری:

وێنەی شیعری لە کۆمەڵە ڕەگەزێک پێکهاتووە، بەیەکگرتن و ئاوێتەبوونی ئەم کۆمەڵە پێکهاتەیە وێنەی شیعری دروست دەبێت، هەریەک لەم ڕەگەزانە پێکهاتەکانیان گرینگن، بەشداری دەکەن لە دروستبوونی وێنەی شیعری. هەروەها وێنەی شیعری یەکێکە لەو لایانانەی دیار و گرینگن لەنێو ئەدەبی جیهاندا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، بۆیە بەشدارییینەکردنی یەکێک لەو ڕەگەزانە دەبێتە هۆی ئەوەی شیعرەکە ناتەواو بێت، چونکە هەموو هۆنراوەیەکی باش و سەرکەوتوو پێویستە خاوەنی بیرێکی بەرز و قووڵ، شێوەیەکی جوان و ڕازاوە و هەستێکی ناسک و سۆزێکی گەرم و زمانێکی ڕەوان بێت[٢٠].

هەموو پێکهاتەکان ڕۆڵی خۆیان هەیە یەکێک. یان زیاتر لەم پێکهاتانە لاواز بوو، دەبێتە لەکە و پەڵەیەک بەڕووی هەموو دەقەکە. وێنە لە شیعردا ڕووخساری هونەری بە وشە و مانا دەبەخشێت پاش ڕێکخستنی شاعیر بە دارشتنێکی هونەریی بەرز وێنەی هەموو پێکهاتەکانی لە خۆ کۆدەکاتەوە لە (وشە و مۆسیقا و واقیع و هەست و سۆز و خەیاڵ و نەست... هتد). ئێمە باس لە چوار جۆر لە ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری دەکەین ئەوانیش بریتین لە:

١. زمان

٢. ئەندێشە

٣. سۆز

٤. واقیع

---

[٢٠] بێستون عادل عەلی، وێنەی هەستی لە شیعرەکانی شێخ مارف بەرزەنجیدا، ل١٩١.

بێ گومان ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری چەند ڕەگەزێکن و ڕۆڵیان لە خولقاندنی وێنەی شیعریدا هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین بەها و کاریگەریی وێنەی شیعری لە کاریگەریی دەقێکی شیعری کەمتر نییە، ئەمەش بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەیە، کە لەنێوان ڕەگەزەکان هەیە.

**١. زمان**

زمان بە فاکتەرێکی سەرەکی دادەنرێت و ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زمان تەواوی ڕەگەزەکانی لەخۆبگرێت، کۆیان دەکاتەوە. زمان کەرەستەیەکی سەرەکی شیعرە و گرینگییەکی زۆریشی هەیە، چونکە وێنەی شیعری لە زمانەوە سەرچاوە دەگرێت، شاعیریش زمانی شیعری چەند دەوڵەمەند بێت ئەوەندە دەتوانێت شیعری جوان و بەنرخ دابڕێژێت، چونکە شاعیر بەشێوەیەکی تایبەتی زمانی خۆی بەکاردێنێت. کاتێک دەیەوێت وێنەیەک دروستبکات، خانەکانی بەسۆزێکی جۆش پڕدەکاتەوە کۆمەڵێک پەیوەندی نامۆ لەنێوانیان پێکدێت، ئەوەش بانگەشەیە بۆ تایبەتمەندێتی و تاکڕەوی لە پێکەوەنانی وێنەدا[٢١]. هەروەها دەتوانین بڵێین جوانی وێنەش لە جوانی زمانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەرجەستەی دەکات[٢٢]. هەروەها دەتوانین لە ڕێگەی زمانەوە یاری بە وشەکانی ناو شیعرەکە بکەین، چونکە وشە هەڵگری هەموو لێکدانەوەی ژیانە بۆ شیعر هەموو لایەنەکانی لە بیر و بابەت و ئەندێشە و سۆز و واقیع و نەست[٢٣]. ئەو وشانەی بەکاریان دەهێنن لە چوارچێوەی فەرهەنگی زمانەکەیدا بێت، هەروەها وێنە لە زمان دانابڕێت، چونکە لەزمانەوە هەڵدەقوڵێت، زمانیش لەلایەک لە ڕێگەی دەنگە وشەکانەوە لە بنیاتی دەقەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێت وە لە لایەکی تریشەوە بەهۆی بەزاندنی واتایی ئاسایی وشەکان و هەنگاوەکانیان بۆ گەیاندنی واتایەکی نوێ کارا دەبێت.

---

[٢١] بێستوون عادل عەلی، وێنەی هەستی لە شیعرەکانی شێخ مارف بەرزنجی دا، ل١٩١.
[٢٢] هۆگر جمعە حمە کریم، وێنە لە تاقیکردنەوەی شیعری عەبدوڵا پەشێودا، ل٢٦.
[٢٣] هاوژین سلیوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس، ل١٠.

**٢. ئەندێشە:**

ئەندێشە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری و بە ڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت و پانتاییەکی فراوانی لە باس و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیدا داگیر کردووە، چونکە یەکەم توخمی سەرەکی وێنەی شیعری ئەندێشەیە(خەیاڵە)، وە ئەندێشە هێزێکە لە هێزەکانی دەروونی ئادەمیزاد، وێژەر بەهۆیەوە دەتوانێ بە وشە و ڕستە وێنەی هونەری شێوازی ڕەوانبێژی ساز بکات و سۆز و هەڵچوونی لە بابەتێکدا بگەیەنێتە گوێگر و خوێنەر[٢٤].

کاتێ شاعیر شیعر دەنووسێت ئەو ئیلهام و بیرۆکەیەی، کە بە مێشکی دا دێت ئاوێتەی ڕەگەزەکانی دیکەی دەکات، شاعیریش تا چەند ئەندێشەی فراوانتر بێت، ئەوا دەتوانێت وێنەی زیاتر دروست بکات لە دونیای خۆی. وێنە لەدایکبووی خەیاڵە لە خەیاڵیشدا بنەمای وێنەی ئەدەبییە، ئەندێشە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە هۆنینەوەی شیعردا و تەنیا گواستنەوەی ڕاستەوخۆی واقیعی هەستپێکراو نییە، بەڵکوو خوڵقاندن و ڕاهێنانە، هەروەها ئەندێشە ڕەگەزێکی سەرەکی داهێنانە و پەیوەندییەکی بەهێزی بە سۆزەوە هەیە[٢٥].

وێنەی شیعری بەرهەمی تێکەڵاوکردنی هونەری حەقیقەتە لەگەڵ خەیاڵدا بە ئامانجی کارکردنە سەر دەروونی بەرامبەر، خەیاڵیش یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە بەهۆیەوە شاعیر لە واقیعی دووردەکەوێتەوە و دەچێتە جیهانی خەیاڵەوە و لەو جیهاندا دەگاتە ئەو ئارەزووەی، کە ناتوانێت لە واقیعدا دەستیان بەسەردا بگرێت. هەر ئەو توانایەشە، کە دڵ و دەروونی خوێنەر و گوێگر دەورووژێنێت. ئەندێشە وەسیلەی نووسەرە بۆ وروژاندنی سۆزی بەرامبەرەکەی، ئەو ڕەگەزەیە، کە یارمەتی دەدات بۆ پێکهێنانی واقیعی دەرەوە و پێکهاتەیەکی نوێ لە کاری ئەدەبیدا[٢٦]. خوڵقاندنی وێنە لە هەر بابەتێکدا دەوەستێتە سەر

---

[٢٤] کمال حەسەن عەزیز بەسیر، ڕەخنەسازی مێژووی پەیڕەوکردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد، ١٩٨٣، ل١٥٩.

[٢٥] عبدولقادر محمد ئەمین، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمی کوردیدا، ل٦٢.

[٢٦] کمال نشان، في النقد الادبی دراسة و تطبيق_ط. بغداد، ١٩٧٦، ل٣٧.

ئەندێشەی نووسەرەکەی تا ئەندێشەی نووسەر باڵادەست بێت، ئەوەندە بەرهەمی جوان و ناسک دروست دەبێت ئەندێشە ئەو توانایە، بۆیە دەبینین شیعری جوان و کاریگەر لەسەر وەرگر ئەو شیعرانەن، کە خەیاڵێکی فراوان و خولقێنەریان تێدایە، چونکە تا شاعیر خەیاڵی فراوان بێت دەتوانێت وێنەی تازەی جوان بخولقێنێت و خەیاڵیش سنوور و کۆتوبەندی نییە.

**٣. سۆز:**

سۆز ڕەگەزێکی سەرەکییە لە بونیادنانی وێنەی شیعری. هەر شیعرێک سۆزی تێدا نەبێت، ئەوا ناتوانێ کار لە دڵ و دەروونی خوێنەر بکات، چونکە سۆز تەزوویێکی گەرمە بەنێو دڵ و دەمارەکانی لەشدا دێت، جۆش دەدات و جەرگ و دڵ دەهەژێنێت، کڵپەی ئاگرەکە دڵ جۆش دەدات[٢٧]. هەروەها سۆز گرینگی زۆری هەیە لە وێنەی شیعری، وێنەی شیعری یەکێکە لەو ڕەگەزانەی بایەخێکی زۆری پێدراوە لەلایەن شاعیران و ڕەخنەگرانیشەوە

شیعر بەبێ سۆز وشکە و هەستی خوێنەر[٢٨]. شاعیر کاتێک ئیلهامی بۆ دێت لەگەڵ خەیاڵدا تێکەڵی دەکات، هێزێک لە دڵ و دەروونیدا هەڵدەقوڵێت و ئاوێتەی ڕەگەزەکانی دیکە دەبێت، ئەە هێزەش سۆزە، سۆز لەلای هەموو مرۆڤێک بوونی هەیە، سۆزی مرۆڤ جیایە لە سۆزی شاعیر بۆیە دوو جۆر سۆز هەیە، سۆزی ئاسایی و سۆزی ویژدانی بەسۆزی وێژەییەوە دەناسرێت، کە هێزێکە لە دەروونی خوێنەری وێژەیدا بەهۆی خوێندنەوەی تێکستی وێژەیی بەرپا دەبێت، بەڵام سۆزی ئاسایی لای هەموو مرۆڤێک بوونی هەیە، و لە کاتی خۆشی و ناخۆشی هەڵدەقوڵێت و سۆزی وێژەیی کاریگەریی زیاترە لە سۆزی ئاسایی[٢٩]. وە پەیوەندییەکی بەتین هەیە لەنێوان سۆز و ئەندێشە، چونکە تەواوکەری یەکن و پێکەوە وێنەیەکی جوان پێکدێنن.

---

[٢٧] هاوژین سلیوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس، ل٦٦.
[٢٨] بێستوون عادل عەلی، وێنەی هەستی لە شیعرەکانی شێخ مارف بەرزنجی دا، ل١٩٢.
[٢٩] هۆگر جمعە حمەکریم، وێنە لەتاقیکردنەوەی شیعری عەبدوڵا پەشێودا، ل(٢٣)

### ٤. واقیع:

ئەو ژینگەیە کەوا بەخۆشی و ناخۆشی شاعیر تێیدا دەژیت، سەرچاوەی شیعرەکانی لە واقیعەوە هەڵدەقوڵێت جا تاڵ بێت یان شیرین لە شیعرەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. هیچ مرۆڤێک نییە لەسەر ڕووی زەمین لە سەرەتایی ژیانەوە تا کۆتایی ژیانی هەمووی هەر خۆشی و شادی بێت یا بە پێچەوانەوە، بگرە پێویستە هەردوو ڕووی ژیان بەڕووی مرۆڤ ببێتەوە. واقیع و خەیاڵ لە ڕووی ماناوە دوو شتی دژیەکن، بەڵام لە ڕووی کاری ئەدەبی تەبان و هەمیشە شان بە شانی یەکتر دەڕۆن، چونکە ناکرێت شاعیر باس لە بەسەرهاتێکی واقیعی بکات بەبێ ئەوەی خەیاڵی تێدا بەکاربێت، چونکە پێکهاتەکانی وێنەی شیعری تەواو دەکەن[٣٠]. هەروەها واقیع یەکێکە لەو ڕەگەزانەی شیعر، کە ڕەخنەگران لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر دەکەن، چونکە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە دروستکردنی وێنەدا. هەروەها خەیاڵیش واقیع بەرجەستە دەکات بە شێوازێکی هونەری. کەواتە پەیوەندییەکی بەتین هەیە لەنێوانیان، چونکە ئەگەر وێنەکە خەیاڵی تێدا نەبێت، ئەوا لەزەتی تێدا نامێنێت و دەبێتە وێنەیەکی فۆتۆکۆپی، بۆیە شاعیر بیرۆکە لە واقیعەوە وەردەگرێت و هەست و سۆز و خەیاڵی تێکەڵ دەکات، وێنەیەکی شیعری دەخولقێنێت.

واقیع یەکێکە لەو ڕەگەزانەی، کە ڕەخنەگران گرنگی زۆریان پێداوە، چونکە ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی پێکهێنانی وێنەی شیعری، کەواتە شاعیر پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە واقیعەوە هەیە، چونکە شاعیر ئەوەی لە ژیانی واقیعیدا ڕوودەدات دەهۆنێتەوە و دەیکات بە شیعر هەست و سۆزی خۆی پێ دەردەبڕێت.

---

[٣٠] هاوژین سلیوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس، ل ٦٠.

# بەشی سێیەم

# وێنە لە شیعری (ئاری یاران)

## تەوەرەی یەکەم:

## کورتەیەک دەربارەی ژیانی (ئاری یاران):

ناوی تەواوی ئاری ئەیوب جەلال ناسراوە بە (یاران) لەدایکبووی ساڵی(٢٠٠٠)ە، لە سۆران لەدایکبووە لە منالییەوە بە کتێبان فرچک کراوە و کە چاوی پشکوتووە دەریای کتێبەکانی باوکی بینیوە و وەک دڵداریٚ لە لاپەڕەی کتێبانی ڕوانیووە و سەروبنی کردوون.

یاران سەرەتای نووسینی وەک هەر شاعیرێکی دیکە کۆمەڵێک نووسینی بێسەروبەری نووسیوە و قاقزانی خەسار کردوون، لیٚ لە ساڵی(٢٠١٦)ەوە، بە دڵێکی سەنگین و لێوڕێژ لە عەشقی زمانی کوردی دەستی داوەتە نووسینی شیعر و سەرەتا بە کێشی خۆماڵیی چوارینە و غەزەلی هۆنیوەتەوە، هەتاکوو ناوەڕاستی ساڵی (٢٠١٧) دەست دەداتە خوێندنی بەحری عەرووزی عەڕەبی و ئیدی لەسەر بەشێکی بەحرە عەرووزییەکان شیعران دەهۆنێتەوە.

وەک باسکرا یاران دڵداری لەگەڵ پەڕەقاقزان دەکا و کاریگەرە بە زۆریٚ کوردیزان وەک: مەسعوود محەمەد، عەبدوڵڵای حەسەنزادە، هەژاری موکریانی، شوکور مستەفا، عەزیز گەردی، ئەمین گەردیگلانی...تاد.

ئەوەی جێی بایەخی خوێنەری شیعرەکانییەتی یاران بۆ پاراوترین وشەی کوردی دەگەڕیٚ و لە ئەنگوستی وەک تریفەی لە ڕۆژ ڕوونتری ڕەنگ دەدەنەوە، بۆیە دەبیٚ بگوتریٚ ئەوەی لە گۆزەی کوردیزانی وەک مەسعوود محەمەد و هەژار ئاو هەڵدەقۆریٚنیٚ دەبیٚ خوێنەر لە پەتیی و پاراوی کوردییەکەی خاتری جەم بیٚ.

ئێستا یاران، خودانی دیوانە شیعرێکی کلاسیکە بەناوی "دڵارام"، ناوەڕۆکی شیعرەکانی: دڵداری و ئایینی و پەسنی نیشتمان و پیاهەڵدانیش لەخۆ دەگرن و جێگای ستایشی خوێندەوارانی کوردە و بایی بستێک کتێبخانەی زمانی کوردانی پڕ کردووەتەوە.

وه شیعرەکانی لە ڕووی تەکنیکییەوە، فۆڕمی بابەتەکان خۆی لە غەزەل، مەسنەوی، چوارین، پێنج خشتەکی و تێکهەڵکێش لەگەڵ شیعری شاعیرانی دەدۆزێتەوە و خەسڵەتەکانی شیعری کلاسیکی لەخۆگرتووە. شاعیر شارەزاییەکی باشی لە عەرووزدا هەیە و لەگەڵ هەر دەقێکی غەزەلەکاندا، ئاماژەی بەجۆری عەروزەکە کردووە، وە لە ڕووی زمانەوە شیعرەکانی بە هەستێکی ناسک و زمانێکی ڕوون و ڕەوانی تایبەت بە مۆدێلەکانی خۆیان نووسراون.

لە یاراندا، توانا و بەهرەیەکی خۆڕسک و هەوڵ و گەشەیەکی ڕسکاوی دەبینرێت. جارجاریش پەرێزی نالی و هێمن و هێدی ڕەوسە دەکاتەوە و خەرمانە ئەدەببەخشەکەیان شەن و کەو دەکات و سۆرە شیعرێکی چەژداریان لێ بەرهەم دەهێنێت[٣١].

[٣١] ژیاننامەکەی وەرگیراوە لە خودی شاعیر خۆی، کە ناسراوە بە (یاران)

**تەوەرەی دووەم:**

## سەرچاوەی وێنەی شیعری لای (ئاری یاران):

وێنەی شیعری کۆڵەگەیەکی سەرەکی بنیاتی دەقی شیعرییە، بە ڕادەیەک لە هیچ سەردەمێکدا شیعر نەیتوانیووە دەستبەرداری بێت، بەڵکوو بووە بە ڕەگەزێکی گرینگی شیعری، کە شیعر بەهۆی ئەوەوە توانیویەتی بەردەوام بێت و زیاتر سەرەنجڕاکێش بووە باشترین کاریگەری لەسەر هەست و سۆز و دەروونی وەرگر داناوە. شاعیر تاکێکی کۆمەڵایەتییە، وەکو هەر تاکێکی تر لە ناو کۆمەڵگادا دەژێت و لەژێر کارتێکردنی دەوروووبەرەکەی لە ژینگە و ئاووهەوا و کولتوور و فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و مێژوو و ئایین بەدەر نابێت، هەموو ئەوانە بە ئەندازەی جیاواز، کاریگەریی لە یادگە و هەست و سۆز و خەیاڵی شاعیردا دادەنێن و لە ساتێک لە ساتەکاندا بە یارمەتی ئەندێشەی داهێنەرانەی شاعیر دەبن بە سەرچاوە و هەوێنی خوڵقاندنی وێنەی شیعر. لێرەدا مەرج نییە تەنها یەک سەرچاوە ڕۆڵی هەبێت و بووبێت هەوێنی وێنەکە، بەڵکوو دەکرێ یەک یان دوو یان زیاتر لەو سەرچاوانە ڕۆڵی لە پێشینەیان هەبووبێت لە خولقاندنی وێنەکەدا، ئیمە لێرەدا باس لە چەند سەرچاوەیەکمان کردووە، کە بوونەتە هەوێنی شیعرەکانی (ئاری یاران) ئەوانیش سەرچاوەی خودی و ئایینی و داستانییە. دەکرێ سەرچاوەی تریش بەشدار بێت لە خوڵقاندنی شیعرەکانی، بەڵام ئێمە تەنها ئەم سێ سەرچاوەمان بەکارهێناوە لە لێکۆڵینەوەکەمان[٣٢].

**١. سەرچاوەی خودی:**

سەرچاوەی خودی هەموو ئەو سەرچاوانە دەگرێتەوە، کە شاعیر خۆی دایهێناون پەیوەندیی نوێی لەنێوان شتەکان دروست کردووە. وێنەیەک لەنێوان منداڵدانی بەهرە و ئیلهامی شاعیر لەدایکبووە و پێشتر هیچ شاعیرێکی تر پەی بەم وێنەیە نەبردووە، کەواتە

---

[٣٢] بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری سالمدا، مەریوان حەمە کەریم احمد، ل١٤٦.

مەبەست لە سەرچاوەی خودی، تێڕوانینی تایبەتی شاعیرە بۆ ئەزموونەکان لەبەر ئەوەشە گرنگی ئەرکی شاعیر بەوە بەدیار دەکەوێت، کە تا چ ڕادەیەک ئەزموونە دەرەکییەکان بۆ ئەزموونی شیعری وەردەگرێت[٣٣]، بەپێی بیروڕاو بەهرەی خۆی مەزن بەیان دەکات و وێنەی شیعری و وێنەی شیعرییان لێ دروست دەکات، پارچە شیعری سەرکەوتوو ئەبێ بێ هاوتا بێت، واتا ئەبێ نە لەوبەر و نە لەوەدا شیعرێکی تر هەبێت کە بچێتەوە سەری. لێرەوە ئەفراندن و توانا و داهێنانی شاعیر بەدەردەکەوێت، شاعیر تا چەند بتوانێت وێنەی جوان و ناسک و بەرز و تەزووبەخش و خودی دروست بکات و پەیوەندیی نوێ لەنێوان شتەکان بدۆزێتەوە، ئەوەندە سەرکەوتوو دەبێت و لە کاروانی ئافراندنی دانابڕێت بەرەو لووتکە دەچێت، هەر ئەزموونێکیش وێنەیەکی نوێ بخاتەڕوو بە سەرچاوەیەکی خودی لە قەڵەم دەدرێت. شاعیریش کاتێک وێنەیەکی نوێی دۆزییەوە تەنها لەم شیعرەی کە بەکاریهێناوە بیچەسپێنێت، واتا هەمان وێنە خودییەکە لە شیعرەکانی تر دووبارە نەکاتەوە. لەم بارەیەوە نزار قەبانی دەڵێت: "من لەسەر قەراغی کاغەزەکە دادەنیشم چاوەڕوانی ماسی ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆر و فرە قەبارە ئەکەم، بەڵام ئەو ماسییانەی کە ڕاوم کردوون و خستوومەتە ناو سەبەتەوە ئەوانە سەرنجم ڕاناکێشن، چونکە هەوێنی سەرسامی و هەژارییان تیا نەماوە"[٣٤]. کەواتە شاعیر دەبێت خۆی بەدوور بگرێت لەو وێنە خودییانەی، کە دۆزیویەتەوە و یەک جار بەکاریانبهێنیت و هەمیشە قولاب بۆ ئەو ماسییانەی فڕێ بدات کە هێشتا نەیگرتوون، با ماندوو بوونی زۆری بوێت چونکە دۆزینەوەی وێنە خودی نوێ باشترە لە دەیان وێنەی بەکارهاتووی پێشتر. نموونەیەک بۆ سەرچاوەی خودی دەخەینە ڕوو، کە ئاری شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێت:

بەجێت هێڵام لەکونجی بێکەسی و خەم

[٣٣] هاوژین سلیوە، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس، ل(١٩٣)
[٣٤] هەمان سەرچاوە، ل(١٩٧)

نەیاریشت بە ڕێگەی بەختەوەردا

بەڵێنم داوە تا ڕۆژێ بمێنم

ونت ناکەم لەنێو زیهن و بەصەردا

ل(٩) دلارام

لەم دەقەدا شاعیر باس لە پەیوەندی خۆی و یار دەکا، کە بە دڵبەرەکەی دەڵێت منت بەجێهێشت لە کونجی بێکەسی و خەم نەیاریشت دا بە ڕێگەی بەختەوەر، واتا دوای ڕۆیشتنت تەنهایی و خەم بۆ مایەوە لێرەدا نەیاران مەبەستی ئەو کەسانەیە کە دژی پەیوەندی خۆی و دڵبەرەکەی بووە. وە شاعیر دەڵێت بەڵێنم داوە تا ئەو ڕۆژەی بمێنم ونت ناکەم لەناو زەینەم وشەی (بەصەر) لێرەدا مانی بینایی چاو دێت یان نووری چاوم.

لە دێرێکی تردا دەڵێت:

غەریب و بێکەسە ڕۆحم، دەنێرمە خزمەتت بەڵکو

لەلای تۆوە کەمێ چاک بێتەوە و دیسان ببێتۆ شاد

منالیم بێتەوە بەر، گەورەبم، سەد ساڵی عومرم بێ

دەکەم دووبارە یادی تۆ و بە عیشقی تۆ دەبم موعتاد

ل(٢٠) دلارام

لێرەدا شاعیر باس لە حاڵی خۆی دەکات لە دووری دڵبەرەکەی و دەڵێت (غەریب و بێکەسە ڕۆحم)، کە ئەمەش گوزەرشت لە حاڵی شاعیر دەکات لە دووری یارەکەی. دوایی دەڵێت: دەنێرمە خزمەتت ڕۆحم بەڵکوو لای تۆ چاک بیتەوە دیسانەوە شاد بێتەوە. شاعیر لێرەدا زۆر بە جوانی وێنەیەکی خودی دروستکردووە.

له دێری دووەمدا دەڵێت: مناڵیم بێتەوە جارێکی تر ئەگەر تەمەنم سەد ساڵی بێ ئەوە هەر دەکەم دووبارە یادی تۆ بە خۆشەویستی و عەشقی تۆ دەبم موعتاد. لێرەدا (موعتاد) واتا ئالۆودەبوون یاخود دەتوانین بڵێین گیرۆدەبوونی شاعیر بە دڵبەرەکەی.

**٢. سەرچاوەی ئایینی:**

شاعیر ئاری، لە هۆنراوەکانی گەلێ سەرچاوەی بەکارهێناوە، هەروەها وێنەی شیعری لە سەرچاوە و ناوەڕۆکەکانی بەدیاری دەکەوێت، یەکێک لەو سەرچاوانەی، کە شاعیر گرنگی پێداوە چەندین شیعری بۆ ئەو مەبەستە نووسیوە، ئەویش سەرچاوەی ئایینییە، وەک دیارە ئایین هەر وەک لایەنێکی دیکە جێگەی بایەخی شاعیر بووە وەکو شاعیرێکی موسڵمان، شیعری ئایینی نووسیوە. هەروەها دەتوانین بڵێین یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی شاعیر زۆر ئاماژەی پێکردووە لە شیعرەکانی زۆر بەکارهێنانی وشەی ئایینی و قورئان بووە، وە زۆر جار لایەنی ئایینی هۆکاری سەرەکی بوونە بۆ هۆنینەوەی شیعری و داڕشتنی، وەک لەم نموونەی یاراندا دەردەکەوێت و دەڵێت:

حەزرەتی جیبریلە بۆ تۆ گەر سەناخوانی دەکا

خاتیمەی کوللی نەبیی و شافیعی جەمعی بەشەر

یا رسول الله، بە قاپی تۆ دەنازم گشت دەمێ

نیمە توێشوویەک لەبۆ ڕێ چۆن بکەم ئاخر گوزەر!

ل(١١٤) دلارم

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی ئایینی دروستکردووە، وەسفی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ )دەکات، کە کۆتا پەیامبەرە و ناوی دەهێنێ بەوەی ئەو پێشەوای هەموو مرۆڤایەتییە. وە لە دێری دوومدا دەڵێت یارسوڵ الله بەتۆووە دەنازین ئێمەی بەندە، توێشوویەکمان نییە بۆ ئاخیرەت.

له دێرێکی تردا دەڵێت:

لێبدەن بێ حەدد و حیساب گیانی پێغەمبەر سەڵات

تۆوی ڕەحمەت دابچێنن، پڕ بەدڵ بیکەن خەڵات

ئەو موحەممەد ئیبنی عبداللەی کوڕی ئامینەیە

خاتیمەی کوللی نەبیی و پێشەوای دینی مەیە

ل(١٣٦) دلارام

بە هەمان شێوە شاعیر لێرەدا وەسف و سەنای پێغەمبەر دەکات و دەڵێت: سەلاوات دەن لە پێغەمبەر بێ حیساب وە پڕ بە دڵ ڕەحمەتی بۆ بنێرن. لە دێری دووەم دەڵێ ئەو موحەممەد کوڕی عبدالله و ئامینەیە، کە دایک و باوکی پێغەمبەرن وە ئەو پێشەوای دینی ئێمەیە.

**٣. سەرچاوەی داستان:**

داستانەکان سەرەتا وەکو ڕووداو لەناو کۆمەڵگادا ڕوویان داوە و لە فۆلکلۆردا جێگیر بوونە و پاشان کەسانێک هاتوون لە فۆڕمی شیعریدا، کە ناوەڕۆکێکی چیرۆکئامێزی هەبێت دایانڕشتووە. دەکرێ داستانەکان نەتەوەیی بن و ڕووداو و کەسایەتییەکان سەر بە کورد بن و وەکو (شیرین و فەرهاد، مەم و زین) هەروەها دەشکرێ بیانی بن وەکو (لەیل و مەجنوون، شێخی سەنعان). مەبەستی شاعیران لە سوودوەرگرتن لەم داستانانە تەنها پیشاندانی داستانە فۆلکلۆرییەکە نییە، بەڵکوو بایەخێکی زۆری هەیە لە دروستکردنی وێنەی باڵادا و گرێدانییەتی بە مەبەستێکی تایبەتییەوە، کە لە وێنە شیعرییەکاندا نیشاندراوە[٣٥].

[٣٥] مەریوان حەمە کەریم احمد، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری سالمدا، ل(١٦١)

(ئاری یاران) زۆر بایەخی بە داستان داوە بەتایبەتی داستانی مەم و زین و لەیلا و مەجنوون و شیرین و فەرهاد بۆ نموونە لە دێرێکدا دەڵێت:

ئەگەر مەیلت لە شیرینە، ئەمن فەرهادی کێوانم

ئەوا بێ شک حەیات من هەوارم کێوی بێستوونە

ل(٥٦) دلارام

شاعیر لێرەدا بە یارەکەی دەڵێت ئەگەر مەیلت لە شیرینە ئەمن فەرهادی کێوانم، واتا بە یارەکەی دەڵێت ئەگەر دەتەوێت وەکو شیرین بیت و کاری شیرین بکەیت و هاوڕازی شیرین بیت ئەوا منیش فەرهادی کێوانم لێرەدا مەبەستی لە کێوان کێوی بیستوونە کە مەرجی سەرەکی خۆشەویستی نێوان شیرین و فەرهاد کونکردنی کێوی بیستوون بوو، بەڵام لە ئەنجام ئەمە نەبوو. لە دێری دووەم شاعیر ئاماژە بەوە دەکا ئەوە بێ شک حەیاتی من هەوارم کێوی بێستوونە، مەبەستی ئەوەیە خۆشەویستی شیرین وای کرد فەرهاد بە کێوان بکەوێت، شاعیریش لێرەدا عەشقی دڵبەرەکەی و خۆی چواندووە بە عەشقی شیرین و فەرهاد وە داستانی شیرین و فەرهادی کردۆتە سەرچاوەیەکی شیعرەکانی و وێنەیەکی باڵای خوڵقاندووە.

لە دێرێکی تردا دەڵێت:

عەشقی چاوی زینەکەم ئەز، تۆش بە عەوداڵی مەمێک

لایەقی تۆیە دڵم، دەی خۆ بەبێت پێی ناکرێ

ل(٩٦) دڵارام

شاعیر لێرەشدا عەشقی خۆی و یارەکەی چواندووە بە مەم و زین. دەڵێت عەشقی چاوی زینەکەمم کە مەبەستی یارە دوای دەڵێت تۆش عەوداڵی مەمێکی، کە مەبەستی خودی شاعیر

خۆیەتی. لە نیوەدێری دووەم شاعیر دەڵێت دڵم بە تۆوە پەیوەستە بە بێ تۆ ژین هەڵناکرێ. شاعیر لەم دێرەدا داستانی مەم و زینی کردۆتە هەوێنی شیعرەکانی وێنەیەکی جوان و بالای خولقاندووە.

وەرە و بنوێنە ڕووی ڕەحمت لە ڕووی من

ئەمن مەجنوون و تۆش بە باجی لەیلێ

ل(١٧٦) دلارام

شاعیر لەم دێرەدا بە یارەکەی دەڵێت وەرە بنوێنە ڕووی ڕەحمت لە ڕووی من، لە نیوەدێری دووەم دەڵێ ئەمن مەجنوونم و تۆش لەیلا. لێرەدا شاعیر داستانی لەیلا و مەجنوونی کردۆتە سەرچاوەیەکی شیعرەکانی و وێنەیەی جوان و بالای دروستکردووە، کە داوا لە یارەکەی دەکات بنوێنێ ڕووی ڕەحمی لێی تا وەکو لەیلا و مەجنوون بن بەیەکەوە.

تەوەرەی سێیەم:

## جۆرەکانی وێنەی شیعری لای (ئاری یاران)

### ١. وێنەی تاک:

وێنەی تاک بچووکترین وێنەیە، کە خۆی لە تاکە وێنەیەکدا دەبینێتەوە، کە بە شێوازێک لە شێوازەکان یەکەیەکی گەورەتر دروست دەبێت و بە گرێدان و پێکبەستنی وێنە تاکەکانیش واتا هەریەک لە وێنەی لێکدراو و گشتییەکان لە چەند وێنەیەکی تاک پێکهاتوون، بەڵام ڕووخسار و ڕووی خۆیان بە شێوازێکی تر دەگۆڕن و تایبەتمەندیی خۆیان دەبێت. وێنەی تاک ساکارترین شێوەی وێنەی هونەرییە لە ڕووی پێکهاتنەوە بەوەی، کە بریتییە لە وێنەیەکی پاژەیی دیاریکراو، چونکە بچووکترین وێنەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کە تاکە وێنەیەکی بچووکە لەوانەیە بەشێوەیەکی سادەش دروست بووبێت، وێنەی تاک لەگەڵ ئەو بچووکییەی خۆیدا وێنەیەکە چالاکە و کاریگەریی خۆی هەیە لە بونیادی شیعردا. دیارە وێنەی تاک بە گەلێ شێواز دروست دەبێت و چۆنیەتی بونیادەکەشی وا دەکات کەوا چەند جۆرێکی هەبێت دیارترینیان (بەکەسکردن و بەرجەستکردن و بەتەنکردن) لەم لێکۆلینەوەیە ئەم سێ جۆرەمان بەکارهێناوە.

#### بەکەسکردن:

بەکەسکردن، شێوەیەکە لە ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو، کە لە بنیاتی وێنەی تاکدا بەشداری دەکات، بریتییە لە بەخشینی سیفەت و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بە کەرەستەی سروشت و لایەنە ژیرییەکان و هەڵچوونە دەروونییەکان، کە ئەمەش لە ئەندێشەی شاعیردا ڕوودەدات و ڕۆحییەتی مرۆڤیان بەبەردا دەکات، بەمەش یەکێکە لە جوانترین شێوازەکانی وێنەی شیعری[٣٦].

---

[٣٦] مەریوان حەمە کەریم احمد، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری سالمدا، ل(٧٠)

بۆ نموونە شاعیر لە دێڕێکدا دەڵێت:

نییە شێوەت لەنێو جەمعی بەشەردا

نیگارم، مانگ و ڕۆژت دا بەشەڕدا

ل(٩) دلارام

لەم دێڕەدا شاعیر دەڵێت (مانگ و ڕۆژت دا بەشەڕدا) شەڕ سیفەتی مرۆڤە، (نیگارم) سیفەتێکە داویەتییە پاڵ یار، شەڕ سیفەتی مرۆڤە وێنەیەکی تاکی دروستکردووە بەشێوازی ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو(بەکەسکردن). نیگارم لێرەدا شاعیر وەکو سیفەتێک بۆ یارەکەی بەکاریهێناوە، مەبەستی یارەکەیەتی.

لە دێڕێکی تردا شاعیر دەڵێت:

گوڵان تا هەن منەتبارن لە ئاستت

لە ڕووی تۆن نەرگس و شەوبۆ و شلێرە

ل(٥٨) دلارام

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر دەڵێت (گوڵان تا هەن منەتباران لە ئاستت) (گوڵان)ی بەکارهێناوە، کە مەبەستی لێی (یارە)، وە (منەتبارن) سیفەتی گوڵ نییە، بەڵکوو سیفەتی مرۆڤە و وێنەیەکی تاکی دروستکردووە. گوڵانی بەکەسکردووە سیفەتێکی مرۆڤی داوەتە پاڵ.

**بەرجەستەکردن:**

بەرجەستەکردن، پێدانی سیفەتی هەستپێکراوێکی جەستەدارە بەو شتە ژیریی و هەستییانەی، کە خاوەنی جەستەیەک نین. واتا بەهۆی ئەندێشەوە چەمکە واتاییەکان جەستەیەکیان بەبەردا دەکرێت، کە خوێنی تێدا بسوڕێتەوە و توانای جوڵەی هەبێت و بەر هەستی بینین بکەوێت. بەو مانایەی واتا ژیرییەکان بکرێتە هەستپێکراو لە ڕێگەی زیادکردنی

جووڵەیەک لەسەر ژیرییەکان، پاش بەخشینی سیفاتی گیانلەبەرە جوڵاوەکان پێی، کە شتە ژیرییەکە هەمان هەڵسوکەوتی مرۆڤ و ئاژەڵ و گیاندارەکانی دەبێت و وەکو هەستپێکراوەکان دەبێت و دەبینرێت و دەبیسترێت، دەستی لێ دەدرێت، بۆن دەکرێت و تام دەکرێت[٣٧]. لە دیوانی دلارامدا گەلێک وێنەی تاکی شیعری بەرز و جوان خولقێنراون، کە شاعیر لە بونیادی دروستکردنیاندا پشتی بە شێوازی بەرجەستکردن بەستووە. ئەوەتا لە دێرێکدا دەڵێت:

جارەکی ڕەحمێ عەیانکە و زوڵفەکانت با بدە

گێسوویی گرژت عەزیزم نەغمەیی تاری منە

ل(٦٤) دلارام

لێرەدا شاعیر لە نیوەدێری دووەمدا، وشەی (نەغمەیی) بەکارهێناوە، کە چەمکێکی واتاییە و لە ڕێگەی ژیرییەوە ئێمە لێی تێدەگەین، کە شاعیر داویەتییە پاڵ پرچ و پەرچەمی یاری. بەمشێوەیە وێنەیەکی تاکی بەرجەستەی دروستکردووە.

لە شیعرێکی تردا شاعیر دەڵێت:

چەند خۆشە هەتا ماوە تەمەن بێن و بڵێن: وا

هات یاری دلارام، ئەوە نوقڵانەشی پێیە!

ل(٥٢) دلارام

لە نیوەدێری دووەم وشەی (تەمەن)ی بەکارهێناوە، کە چەمکێکی واتاییە و لە ڕێگەی ژیرییەوە لێی تێگەین. شاعیر لێرەدا تەمەنی بەرجەستە کردووە بە مرۆڤی چواندووە وەک

---

[٣٧] مەریوان حەمە کەریم احمد، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری سالمدا، ل(٧٣)

دەڵێت (چەند خۆشە هەتا ماوە تەمەن بێن و بڵێن) لێرەدا سیفەتی قسەکردنی کە هی مرۆڤە داویەتییە پاڵ وشەی (تەمەن).

**بەتەنکردن:**

بەتەنکردن، واتا بەتەنکردنی ئەو شتانەی ژیرین و تەن و بارستەیی و قەبارەیەکیان نییە. لێرەدا شتە واتاییەکان لە وێنە شیعرییەکاندا وەها خۆیان نیشاندەدەن، کە تەنێکن و قەبارە و بارستاییەکیان هەیە و شوێنێک داگیر دەکەن، بەم شێوەیە شاعیر بەهۆی ئەندێشەی فراوانیەوە بە ئاسانی دەتوانێت وێنای شتە ژیرییەکان لە خەیاڵ و دەروونی پەیامەرگردا بەشێوەی هەستیی بنەخشێنێت[٣٨]. شاعیر شتگەلی واتایی و ژیریی وەها نیشاندەدات، کە قەبارەیەکیان هەبێت. لە دیوانی دلارامدا گەلێک وێنەی شیعری تاکی بەتەنکراو دەبینین، کە نیشانەی سەلیقەی بەرزی هونەری شاعیرن، بۆ نموونە لە دێرێکدا دەڵێت:

ئەمن ڕازیم لە دەستاڕ و لە هەگبەت

جەفای زۆر و وەفای کەم دامەبێژە!

ل(٥٣) دلارام

لە نیوەدێری دووەمدا وشەکانی (جەفا و وەفا) دوو وشەی واتایین و هیچ بارستەیەک و قەبارەیەکیان نییە. شاعیر لێرە چواندوویەتی بە بەتەنۆلکەیەکی ورد بۆ نموونە وەک (ئارد و خۆڵ) کە قەبارەیان هەیە و بەچاو دەبینرێن، وە وشەی (دامەبێژە)ی بۆ وشەکانی جەفا و وەفا بەکارهێناوە و هەردووکی بەتەنکردوون.

لە دێرێکی تردا شاعیر دەڵێت:

چوزانم چۆن پەتی عومرم هەتا ئێستا نەپچڕاوە

---

[٣٨] مەریوان حەمە کەریم احمد، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری سالمدا، ل(٧٥)

چڵۆن ماوە لەبەر قورسی غەمی هیجرانی غەدداریک؟

ل(٣٧) دلارام

لە نیوەدێری دووەمدا شاعیر دەڵێت (قورسی غەمی) لێرەدا وشەی غەم وشەیەکی واتایی و نابەرجەستەیە، بەڵام شاعیر بەتەنی کردووە وشەی (قورسی) داوەتە پاڵ غەم، بەمەش وێنەیەکی تاکی دروستکردووە بە شێوازی بەتەنکردن.

**٢. وێنەی شیعری لە ڕووی هەستی و واتاییەوە:**

ئەو وێنە هونەرییانەی شاعیران دروستی دەکەن، هەندێک جار بەهۆی ئەو شمەک و کەرەستانەی بەر هەستەکانی دەکەون و کار لە دەروونی شاعیر دەکەن و دەیوروژێنن و دەبنە هۆی پێکهێنانی وێنەی هەستی. هەندێک جاری تر چەمک و ئایدیایەک، یان بابەت و واتایەک کار لە شاعیر دەکات و دەیوروژێنێت و دەبێتە هۆی پێکهێانی وێنەیەکی شیعری، کە بەر هیچ کام لە پێنج هەستەکەی ناکەوێت، بەڵکوو دەبێت لە ڕێگەی عەقڵ و ئاوەز و بیر و ژیرییەوە لە واتای وێنە شیعرییەکە تێبگەین. لەم بارەیەوە (هیگڵ) دەڵێت: (هونەر وێنای جیهانێکی ڕاستیی، یان ئایدیایەک دەکات، لە شێوەی بوونێکی هەستیی یان وێنەیەکدا)[٣٩]. بەم شێوەیە وێنەی شیعری وێنای شتە ماددییەکانمان بۆ دەکێشێت، یان چەمکە واتاییەکانمان بۆ دەنەخشێنێت. هەر بۆیە ڕەخنەگران لەم ڕوانگەیەوە وێنەی شیعریان بەسەر هەردوو جۆری وێنەی هەستی و ژیریدا دابەشکردووە. ئێمە تەنها وێنەی هەستیمان بەکارهێناوە.

---

[٣٩] مەریوان حەمە کەریم احمد، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری سالمدا، ل(٨٩)

**وێنەی هەستی:**

وێنەی هەستی وێناکردنی هەموو ئەو شمەک و کەرەستە مادییانەی دەوروبەری ژیانی شاعیرە، کە بەر پێنج هەستەکەی (بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، بەرکەوتن) دەکەون. هەر ئەو هەستانەشن، کە دەبنە ڕێگاکانی زانینی جیهانی هەستپێکراوەکان. بە دەربڕینێکی تر، ئەوەی لە جیهانی دەرەوە دەستمان دەکەوێت لە زانیاری و ئەزموون، تەنها لە ڕێگەی پێنج هەستەکانەوە پێماندەگات. بۆیە هەستەکان بەم واتایە لەبری پردێکە بۆ گەیاندنی جیهانی دەرەوە بە هەستەکانی ناوەوەمان. لەمەشدا بێگومان هەستی ناسکی و وردیی شاعیر و خەیاڵی فراوانی ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە دۆزینەوەی خاڵە هاوبەش و ناکۆکەکان و پەیوەندییە شاراوەکانی نێوان ئەو ڕەگەز و شتانەی، کە وێنە هەستییەکەی لێ پێکدێنێت. وێنەی هەستی دابەشدەبێت بەسەر ئەم جۆرانەی خوارەوەدا:-

**هەستی بینین:**

یەکێکە لە دیارترین و بەرچاوترین و چالاکترین هەستەکانی مرۆڤ، هەستی بینینە، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستکردنی وێنەی هونەریدا هەیە، هەر بۆیە ئامرازی یەکەم و گەورەترینە بۆ هەستکردن بە جوانی و تێگەیشتن لە واتاکان. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە ئاسانترین هەستە بۆ دەربڕین.

وێنەی هەستی بینین لە سەرەتادا شێوەکان دەخاتە ڕوو دواتر دووری و قەبارە و ڕووبەر و ڕەنگ و جووڵەکان و هەموو ئەوانەی بە هەستی بینین درک دەکرێن دەردەخات. هەر بە سەیرکردنێکی خێرای دیوانی (دڵارام) هەست بەوە دەکەین، کە خاوەن سەلیقەیەکی بەرزی گۆشەنیگای بینین و هەستێکی ناسکی وەهابووە، کە بووە بنەمایەکی گرنگ بۆ خوڵقاندنی وێنە هەستییەکان و بەتایبەتی وێنەی هەستی بینین، کە پانتاییەکی فراوانی وێنەی هونەری لای شاعیر داگیر کردووە ئەوەتا لە دێرێکدا دەڵێت:

هەر لەبەر ئێشی گوناهـ و زامی دووری و هیجرەتە

ئاو لە دوو چاوم بەخوڕ دێن هەر وەکوو ڕووباری نیل

ل(١١٦) دلارام

لە نیوەدێری دووەم شاعیر (چاو)ی خۆی چواندووە بە (ڕووباری نیل) کە بەهۆی ئێشوئازار و دووری لە یار، کە باس لەوە دەکا فرمێسک بەخوڕ لە چاوی دێن هەر وەکو ڕووباری نیل. هەروەها فرمێسکی چواندووە بە ئاو. لە دێرە شیعرەکەدا (ئاو لە دوو چاوم بەخوڕ دێن هەر وەکو ڕووباری نیل) وێنەیەکیان خوڵقاندووە، کە بەر هەستی بینین دەکەون بەم شێوەیە شاعیر بە لێکچوواندن و پشتبەستن بە هەستی بینین وێنەیەکی زۆر جوانی خوڵقاندووە.

لە دێرێکی تردا شاعیر دەڵێت:

دەپرسی بۆ کە ئەشکی ڕوون، بەچاوی تۆوە نابینم

عەزیزی دڵ ئەوەند گریام، نەما ئەشکێ لە ئەم چاوە

ل(١٥٤) دلارام

لێرەدا شاعیر وشەی (ئەشک)ی بەکارهێناوە کە فرمێسک، یارەکەی دەڵێ کوا فرمێسک بە چاوتەوە نابینم، شاعیر لە نیوەدێری دووەم دەڵێت ئەوەندە گریام ئەشک نەما لە چاوم. ئەم پرسینەی یار و وەڵامدانەوەی شاعیر وێنەیەکی جوانی هەستی بینین دروستکردووە.

**هەستی بیستن:**

هەموو دەنگە جیاوازەکان لە دەنگی مرۆڤ و باڵندە و گیانلەبەر و ڕووبار و تاڤگە و مۆسیقا و هەموو دەربڕاوەکانی تر بە هەستی بیستن درکیان پێدەکرێت و ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینین لە دروستکردنی وێنەی هەستیی بیستندا. واتا دەنگ، وشە، وەک جۆرێک لە کەرەستەی

بونیادنان له دروستکردنی وێنەدا بەشداری دەکەن. هەستی بیستن له شیعری ئاریدا کارابیەکی زۆری هەیە و بووە بەهۆی بونیادنانی وێنەی هونەری جوان و ناوازە بۆ نموونە لە شیعرێکدا دەڵێت:

جارێکی بکە ڕەحم و نەزەر فەرموو ببینە

ناڵینی منە ڕۆژان و شەوان شینە له سینە

ل(١٢٧) دلارام

لێرەدا شاعیر وشەکانی (ناڵین، شین)ی بەکارهێناوە، کە هەردووکی دەنگن له ڕێگەی هەستی بیستنەوە درکیان پێ دەکەین، کەبوونەتە هۆی دروستکردنی وێنە شیعرییەکە. شاعیر لێرەدا داوا له یاری خۆی دەکات، کە سەیری حاڵی بکات و دەڵێت ببینە حاڵی من شەو و ڕۆژان هەر شین و نالینە.

له دێرێکی تردا دەڵێت:

وەر دەنا خۆ زەحمەتە زۆریش نە کەم کۆتایی بێ

ناڵە ناڵ، گریانی زۆر و شۆڕ و شین و قژڕنین

ل(١٠٢) دلارام

وشەکانی(ناڵە ناڵ، شۆڕ و شین، ڕنین) کە هەموویان وێنەی دەنگین و له وێنەیەکی گەورەتردا بەکاریهێناوە. وێنەی دێرە شیعرییەکە دەڵێت وەرە بەپێی شیعرەکە، کە شاعیر باس له پاییزی شووم دەکات دەڵێت وەرە خۆ زەحمەتیشە زۆریش نا کۆتایی بێنە ناڵە و شۆڕ و شین و قژڕنین.

**هەستی بۆنکردن:**

یەکێکی تر لەو هەستانەی، کە بەشدارە لە پێکهێنان و خولڵقاندنی وێنەی شیعریدا، هەستی بۆنکردنە. هەموو بۆنەکان لە ڕێگەی لووتەوە درکیان پێدەکرێت و هەستی بۆنکردن ناسراو و هیچ کام لە هەستەکانی تر ناتوانن شوێنی بگرنەوە. لە شیعری (ئاری یاران)دا، بەشێوەیەکی گشتی لەو وێنە شیعرییانەی، کە بەهۆی هەستی بۆنکردنەوە دەربڕدراون دراونەتە پاڵی زوڵف (گێسوو)ی دڵبەر.

بۆ نموونە لە شیعرێکدا دەڵێت:

بڵێ پێی با نەنێرێ بۆنی زوڵفان

دەسا بۆچی هە تیربارانی من کە؟!

ل(٧٥) دڵارام

شاعیر لێرەدا باس لە بۆنی خۆشی زوڵفەکانی یار دەکات، وە بۆن خۆشی یاری چواندووە بە تیر بەم شێوەیە شاعیر لە ڕێگەی وشەکانی (بۆنی زوڵفان) لێکچوواندنی بە (تیر) وێنەیەکی هەستی بۆنکردنی جوانی خولڵقاندووە. وە دەڵێت بە یار بڵێن با چیتر نەنێرێ بۆنی زوڵفان(گێسوو) لە نیوەدێری دووەم دەڵێ دەسا بۆ هەر تیربارانی من دەکا.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

هەر بە نازی چاوەکانت بێرە لام

بمکوژە، پێمداکە عەتر و گوڵاو

ل(٧٩) دڵارام

لەم نیوەدێرەدا شاعیر باس لە باشی دڵبەر هەم لە ڕوانگەی نیگا و نازکردنی و هەم لەڕووی بۆنخۆشی یار دەکات. هەر بۆیە دەڵێت هەر بە نازی چاوەکانت وەرە لام و بمکوژە وە

پێمداکە عەتر و گوڵاو، کە مەبەستی بۆنی خۆشی دڵبەرەکەیتی بەم شێوەیە شاعیر وێنەیەکی جوانی هەستی بۆنکردنی نەخشاندووە.

**هەستی بەرکەوتن:**

یەکێکی تر لە هەستەکان، کە لە بونیادنانی وێنەی هەستیدا بەشداری دەکات هەستی بەرکەوتنە، کە پشت بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ دەبەستێت و بوارەکانی بەرکەوتن، نەرمی، زبریی، گەرمی، ساردیی، شێ، هەستکردن بە ڕەقیی وتیژیی و ئازار) لە شیعری ئاریی یاراندا هەستی بەرکەوتن بەشدارییەکی کارای لە بونیادنانی وێنەی هونەریی ناوازە و خوڵقێنراو و نوێدا هەیە. شاعیر لە دێرێکدا دەڵێت:

وەرە سیفاتی پەروانە و شەمێ کەین

دەسا تاوێ، دەبا دەم ناو دەمێ کەین

ل (١٦٨) دلارام

لە نیوەدێری یەکەمدا شاعیر چواندنی کردووە لەنێوان پەروانە و شەم لەگەڵ خۆی و یارەکەی وێنەیەکی دروستکردووە کە هەستی بەریەکەوتنی لێوی خۆی و یارەکەی بە پەروانە و شەم چواندووە. بەمەش وێنەیەکی هەستی بەریەکەوتنی خوڵقاندووە.

لە دێرێکی تردا دەڵێت:

منم سەوداسەر و وێڵی دوو لێوی قەند و نابی تۆ

بە ناخ و سینەما ڕۆچووە قوللابی عەزابی تۆ

ل(١٥٥) دلارام

شاعیر لە نیوەدێری یەکەمدا، (لێوی)ی بە (قەند و نابی) قەند مەبەستی شیرینییە (ناب) جۆرێکە لە مەیی گرانبەها، کە شاعیر لێوی یاری چواندووە بە شیرینی و مەی بەم شێوەیە بە یارمەتی هەستی بەرکەوتن وێنەیەکی جوانی خوڵقاندووە.

**هەستی چەشتن:**

وێنەی هەستی تامکردن، ئەزموونکردنی ڕاستەوخۆی شاعیرە بەو شتەی وێنەکەی لێ دروستدەکات، ئەمەش تەنها لە بینین و بەرکەوتندا ناوەستێت، بەڵکوو دەبێت ئەو شتە بچێتە سەر زمان و تام بکریت، شاعیر لە ڕێگەی ئەم هەستەوە، وێنەی تاڵی و سوێری و شیرینییەکانی ژیانمان بۆ دەکێشێت. بە شێوازێک، کە هیچ کام لە هەستەکانی تر ناتوانن وێنەی لەم جۆرە بخوڵقێنن. ئاری بە گشتی وێنەی هەستی چەشتنی لە بوارەکانی پەیوەست بە دڵبەر و هەندێک جاریش لە شیعری نیشتمانی و داشۆریندا وێنەی شیعری پێ خوڵقاندووە. لە دێرێکدا دەڵێت:

ڕوو بکەین بۆ سەر چیا و دەشت و ڕووبار

تا شیفا بێ بۆ دڵ و ڕۆحی خەمین

ل(١٠٥) دلارام

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی چەشتنی دروستکردووە. لە نیوەدێری یەکەم (چیا و دەشت و ڕووبار)ی بەکارهێناوە بۆ شیفایی دڵی و ڕۆحی خەمین. شاعیر لێرەدا باس لە سروشتی جوانی کوردستان دەکات دەڵێت ڕوو بکەین بۆ سەر چیا و دەشت و ڕووبار تا شیفا بێت بۆ دڵ و ڕۆحی خەمینم. لێرەدا هەستی نیشتمانپەروەری شاعیرمان بۆ دەرکەوێت و لە ڕێگەی هەستی چەشتن وێنەیەکی بەرز و جوانی خوڵقاندووە.

له دێرێکی تردا شاعیر دەڵێت:

چۆڕە ئاوێکی بخۆینۆ لای حەسار

ماندوویی جەستەن دەچێتە حەوتەمین

ل(١٠٥) دلآرام

شاعیر لە نیوەدێری یەکەم خواردنەوەی ئاوی بۆ هەمان مەبەست بەکارهێناوە کە حەوانەوەیی جەستەیە لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین وێنەیەکی لێکدراوی جوانی دروست کردووە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەستی چەشتن، کە ئاو خواردنەوەیە.

## دەرئەنجام:

- وێنەی شیعری کۆنە و مێژووەکەی بەسەرهەڵدانی شیعرەوە پەیوەستە و لە خوڵقاندنیشدا وشە ڕۆڵی بنچینەیی دەگێڕیت و دروستبوونیشی تەنها بۆ جوانکردنی شیعر نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک ئەرکیش جێبەجێ دەکات. لەگەڵ پێشکەوتنی شیعر، وێنەش گەشەی کردووە و لە ڕەخنەی ئەدەبی نوێدا لە چەندین لایەنی جیاوازەوە قسەی لەسەر کراوە و ئەم پێشکەوتنانەی وێنەی شیعری بۆ ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژهەلاتیش گواستراوەتەوە. بێگومان وێنەی شیعری هەروا لەخۆوە دروست نەبووە، بەڵکوو لە خوڵقاندنیدا، ڕەگەزەکانی ( زمان، بیر، ئەندێشە، سۆز، واقیع) ڕۆڵی بنەڕەتی دەبینن.

- ئاری یاران وەکو شاعیرێکی کلاسیک ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی، کە بەسەر خۆی و نەتەوەکەیدا هاتوون لە هزریدا ڕەنگی داوەتەوە بە شێوازێکی شارەزایانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردوون تێکەڵ بە سۆز و ئەندێشەی خۆی کردووە، وێنەی شیعری جوانی لێ دروست کردوون.

- یاران چەند سەرچاوەیەکی بەکارهێناوە بۆ هۆنینەوەی شیعرەکانی وەک سەرچاوەی خودی و سەرچاوەی بابەتی (ئایینی و داستانی) هەموو ئەمانە سەرچاوەیەکی گرنگ بوون بۆ شاعیر یاران بۆ زیاتر دەوڵەمەندبوونی بەرهەمە شیعرییەکانی.

- یاران لە بونیادی خوڵقاندنی وێنە شیعرییەکانیدا پشتی بە (بونیادی تاک) بەستووە و بەشێوەیەکی جوانی خوڵقاندووە و وێنەی شیعری جوانی لێ دروستکردووە.

- بەکەسکردن و بەتەنکردن و بەرجەستکردن دیاردەیەکی تری شیعری یارانە، کە لە بەکەسکردن و بەرجەستکردن چەند سیفەتێکی مرۆڤی داوەتە پاڵ گیانداران و شتە بێگیان و ژیرییەکان یاخود لەبەتەنکردن شتە ژیرییەکان بەتەنکردووە واتە وای نیشاندەدا، کە بارستە و قەبارەیان هەبێت.

- یاران لە هەمان کاتدا خاوەن هەستێکی ناسک بووە و هەمیش بیرێکی ورد و قوڵی هەبووە و هەر ئەمەش وایکردووە وێنەی هەستی جوان و ناوازە بخوڵقێنێت. لە ڕووی چەندێتییەوە وێنە هەستییەکانی زۆرترن و لە ڕووی ڕێزبەندییەوە هەر پێنج هەستەکانی ( بینین، بیستن، بۆنکردن، بەرکەوتن، چەشتن)ی بەکارهێناوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### کتێبەکان:

١. ئاری ئەیوب ماوانی(یاران)، دڵارام، چاپی یەکەم، چاپ و دابەشکردنی (کۆمەڵگای فەرهەنگیی ئەحمەدێ خانی)، ٢٠٢٢.

٢. ئیدریس عەبدوڵلە، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢.

٣. ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکیەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، ٢٠٠٩.

٤. هاوژین سلیوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٥. عەبدولقادر محمەد ئەمین، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٢.

### نامەکان:

٦. مەریوان حمەکریم احمد، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری(سالم)دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢.

٧. هۆگر جمعە حمەکریم، وێنە لە تاقیکردنەوەی شیعری عەبدوڵا پەشێودا، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧.

٨. هەڵمەت عوسمان کاکل، وێنەی هونەری لە شیعری حەسیب قەرەداغی، بڕوانامەی بەکالۆریۆس، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٨.

**گۆڤارەکان:**

٩. بێستون عادل عەلی، وێنەی هەستی لەشیعرەکانی شێخ مارف بەرزنجی دا، مجلة كلية القلم، كركوك.

١٠. شارەزا کەریم(١٩٨٩) وێنەی شیعری لە دیوانی (کە گڵ ئەبێت هیمۆ گلۆبین)دا، گۆڤاری کاروان، ژمارە(٨١) کانونی یەکەم، ساڵی هەشتەم.

١١. کاکەی فەلاح، (١٩٨٦) وێنەی شیعری چییە؟ گۆڤاری(کاروان)، ژمارە(٤٩)، تشرینی یەکەم، ساڵی پێنجەم.

١٢. لانە رضوان عباس، پ.ی.د. جباراحمد حسین، بنیاتی وێنەی شیعری لە شیعری (مستەفا بەگی کوردی) دا، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی (٨) ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣.

١٣. م ی. بەهرە سلام حم غریب، م ی. شیلان ئەحمەد ئیسماعیل، درکپێکردنی وێنەی هزری لە وێنەی شیعریدا،عەبدوڵا پەشێو بەنموونە، گۆڤاری زانستی زانکۆی هەڵەبجە ژمارە(٧).

**وانەبێژەکان:**

١٤. م. هەندرێن، گێڕانەوەناسی، وانەبێژی قۆناغی چوارم، بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران،٢٠٢٣-٢٠٢٣.

**سایتەکانی ئینتەرنێت:**

١٥. دەریا جەمال حەوێز حەوێزی، ستاتیکای زمانی شیعری لە دیوانی مۆسیقایی نامۆیی هاوژین سلێوەدا، pdf.

١٦. عەبدولقادر حمە ئەمین، گۆڤاری شیعریەت لە دەقە نوێیەکانی شیعری کوردیدا، debate,net.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١٧. كمال نشان، فی النقد الادبي دراسة و تطبيق، بغداد، ١٩٧٩.